سەرۆك وەزیران پێشوازی لە نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق دەکات

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی کرد لە موئەیەد لامی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبی.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە میانەی دیدارەکەدا،سودانی جەختی لە پێزانینی حکومەت بۆ هەوڵەکانی ڕۆژنامەنووسان کردەوە، لەگەڵ دابینکردنی هەموو چاودێری و گرنگیدانێک بەیان و پاراستنی مافەکانیان لە گەیشتن بە زانیاری کە نوێنەرایەتی گرنگترین مافەکانی ڕۆژنامەوانی دەکات، جەختیشی کردەوە لە گرنگیدان بە خێزان و کەس و کاری شەهیدانی ڕۆژنامەگەری.

هەروەها سەرۆک وەزیران ئەو هەوڵانەی ڕۆژنامەنووسانی بەرز نرخاند کە لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا داویانە، چونکە ڕووماڵکردنیان و یاوەریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێک بوو لە هۆکارە هەرە دیارەکانی سەرکەوتنی.

هەر لە دیدارەکەدا باس لە ڕووداوەکانی غەززە کرا لەگەڵ بەئامانجکردنی ڕاستەوخۆی کارمەندانی

ڕۆژنامەوانی لەلایەن سەربازەکانی ئەو قەوارە قەرخکارەوە، کە بووە هۆی شەهیدبوون و بریندابوونی دەیان ڕۆژنامەنووس.